

London Borough of Hounslow

# بەخێوکردن منالّی پەناخوازی دوور لە کەسوکار

تەنگژەی پەنابەران - هەموو منالّێک جێگەی بایەخە

# سەرەتا

ئێمە ئێستا لە کەشوهەوایەکدا دەژین کە حکومەتە خۆجێییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە وەڵامدانەوە بە تەنگژەی پەنابەریدا.
بۆ خزمەتگوزارییەکانی فۆستەری هاونسلۆ Hounslow's Fostering Services یەکێک لە ئاستەنگییە سەرەکییەکان دۆزینەوەی سەرپەرشتیاری بەخێوکاری تایبەتمەندە بۆ منالانی چاودێریکراو کە خۆیان بە تەنها بە چەندین وڵاتدا گەشتیان کردووە و ڕووداوی تاڵ و دڵڕاتەکێنیان بەسەر هاتووە، بەر لەوەی بگەنە بەریتانیا و داوای مافی پەنابەری بکەن.

منالّی پەناخوازی دوور لە کەسوکار UASC بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو منالانەی کە ئێستا لەژێر سەرپەرشتیدان، ڕووداوی زۆریان بەسەر هاتووە و بە ئاراستەیەکی جیاوازدا گەشتیان کردووە. بۆ نموونە، هەندێک لەو منالانەی کە لەژێر سەرپەرشتیدان بەهۆی نەخۆشکەوتن لە خێزانەکەدا، هەڵوەشانی خێزان و کێشە لە مالّەکەدا، یان بەهۆی ڕەوشێکەوە کە خۆشگوزەرانی ئەو منالّە نەهاتۆتە دی یاخود مەترسی زیان پێگەیشتنی لەسەر بووە دراون بە خەڵکی تر کە بەخێویان بکەن.
زۆر لەو منالانەی کە لەژێر سەرپەرشتیدان پشتگوێخستن، بەدکرداری جەستەیی، سۆزداری یان سێکسییان بەرانبەر ئەنجام دراوە.

منالّی پەناخوازی دوور لە کەسوکار ناچار بوون کە وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن کە لەوێ ڕووبەڕووی نائارامی مەدەنی بوونەوە و لەو کەسانە دابڕاون کە خۆشیان ویستون و کەسانی خۆشەویستیان لەدەست داوە. ئەو منالانە لەلایەن هاوڕێیان و کەسوکاریانەوە ناچار کراون کە وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن چونکە ئەوان زۆر بەتاسەوە ویستویانە منالّەکانیان هەوڵی بەدەستهێنانی دالّدە و شوێنی ئەمین و جێگیری بدەن و بپارێزرێن. گەشتی منالّەکان بۆ وڵاتیکی نوێ ترسناکە چونکە ئەوان ناچار بوون مالّی خۆیان، باوانەکانیان و خوشک و براکانیان بەجێ بهێڵن.
ئەوان ناچاربوون کە شوێنێکی زۆر ئاشنا بەخۆیان بەجێ بهێڵن کە پێی دەڵێن مالّەوە، شوێنێک کە ئەوان لەوێ کولتوور و زمانی خۆیان زانیوە و کەسوکاریان لەدەور بووە. کاتێک کە منالّی پەناخوازی دوور لە کەسوکار بەبێ باوان یان بەخێوکارەکەی دەگاتە بەریتانیا ئەو دوای ئەوە دەبرێت بۆ ژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی خۆجێی بە ئومێدی دۆزینەوەی شوێنی مانەوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی فۆستەری ڕێگەپێدراو کە بتوانن ئەو جێگیری و پشتگیرییەیان بۆ پێشنیاز بکەن کە پێویستییان پێیەتی بۆئەوەی لەگەڵ مالّە نوێکەیان ڕابێن. زۆر لە ASC کە لەلایەن هاوسنلۆوە سەرپەرشتی دەکرێن خەڵکی ئەم وڵاتانەن

- ئەفغانستان
- ئەلبانیا
- ئەریتریا
- ئێراق
- ئێران
- ڤێتنام.

## ئايا هاۆنسلۆ هەوڵی چی دەدات؟

هاۆنسلۆ بۆ سەرپەرشتياری بەخێوكاری تايبەتمەند دەگەڕێن كە ئامادە بن منداڵان و گەنجانی پەناخواز بگرنەخۆ و بەخێويان بكەن.

بەخێوكردنی منداڵێكی پەناخواز واتە سەرپەرشتيكردنی منداڵێك ياخود چەند منداڵێك، كە ناتوانن لەگەڵ خێزانەكانی خۆيان بژين و پێشكەشكردنی سەرپەرشتی، پشتگيری و ماڵێكی ئەمين بۆيان. بەخێوكردن هێنانەدی پێداويستييە ڕۆژانەكانی منداڵان لەخۆ دەگرێت. ئەوە بۆی هەيە تەنها بۆ چەند ڕۆژێكی كەم، چەند مانگێك يان هەندێک جار هەتا ئەو كاتە بێت كە ئەو كەسە ئامادە دەبێت بۆئەوەی بتوانێت بەبێ يارمەتی كەس و سەربەخۆ بژی. لەڕێگەی تەرخانكردنی كاتی خۆت و سەرپەرشتيكردنەوە دەتوانيت كات، شوێن و بواری دووبارە بنياتنانەوەی ژيان بەو منداڵانە ببەخشيت.

بەشێوەيەكی گشتی سەرپەرشتيارانی بەخێوكار لە هەموو بوارەكانی ژيان و چەندين پاشخانی فرەچەشنەوە دێن. ئەوەی كە هەموويان پێكەوە كۆدەكاتەوە ئەوەيە كە ئەوان بواری ئەوە بۆ ئەو منداڵانە دەڕەخسێنن كە لەژێر سەرپەرشتيدان كە گەشە بكەن و بگۆڕين و پاشەڕۆژێكی مسۆگەر بۆخۆيان پێكەوە بنێن. سەرپەرشتيارانی بەخێوكار بەشێكن لەو پيشەوەرە زۆرانە كە سەروساختيان هەيە لەگەڵ ژيانی منداڵانی چاودێريكراو، ئەوان هەموويان پێكەوە لەوپەڕی بەرژەوەندی منداڵەكە هاوكاری يەكتر دەكەن.

ئەو سەرپەرشتياری بەخێوكارانەی كە سەرپەرشتی منداڵی پەناخوازی دوور لە كەسوكار دەكەن پێويستييان بە ئارامبوون، هاوسۆزی و تێگەيشتنە لە كولتووری منداڵەكە و دەبێت توانستی ئەوەيان هەبێت كە ئەو كولتوورە هەڵبهێنجن. سەرپەرشتيارانی بەخێوكار هەروەها دەبێت پشتگيری منداڵ ياخود گەنجەكە بكەن لە پرۆسەی كۆچدا و يارمەتييان بدەن بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ژيان لە شانشينی يەكگرتوو يان لەوانەيە بۆ خۆئامادەكردن بۆ گەڕانەوە ئەگەر ئەوە كارێكی سەلامەت بێت. ئەوە لەوانەيە ئەوەش لەخۆ بگرێت كە سەرپەرشتيارانی بەخێوكاری ئێمە لەگەڵ منداڵەكان بچن بۆ وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفيس).

زۆر منداڵی دوور لە كەسوكار كە داوای پەنابەری دەكەن هەروەها پێداويستی سۆزداری، كردارەكی، زمان و كولتووريان هەيە كە سەرپەرشتيارانی بەخێوكار دەبێت ڕەچاويان بكەن. سەرپەرشتيارانی بەخێوكار دەستيان بە وەرگێڕ (موتەرجيم) ڕادەگات و لەلايەن وەرگێڕەوە پشتگيری دەكرێن ئەگەر ئەوە گونجاو بێت.

سەرپەرشتیاری پەسەندکراو و پێشبینی کراو ڕاهێنانی تایبەتمەندی چڕوپڕیان بۆ دابین دەکرێت، بۆئەوەی بتوانن پشتگیری ئەو منالآنە بکەن کە داوای مافی پەنابەری دەکەن.

## چ پشتگیرییەک بۆ سەرپەرشتیارەکان پێشنیاز دەکرێت؟

- ئەگەر پەیوەندی بکەیت بە تۆڕی سەرپەرشتیارانی بەخێوکاری پەسەند کراوی هاونسلۆوە، ئێمە هاوکاریت دەکەین بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەو منالّەی تۆ بەخێوی دەکەیت بەتەواوی پشتگیری کراوە و دەرەنجامێکی سەرکەوتوو دەدات بەدەستەوە.
- بەستەیەکی دارایی بەخشندانەی هەتا ڕادەی 868.60 بۆ دوو هەفتە، بۆ هەر منالّێک.
- دەست ڕاگەیشتن بە گرووپی پشتگیری بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام و چالاکی کۆمەڵایەتی خۆشی و شادی
- ڕاهێنانی تایبەتمەندی خۆڕایی بۆ سەرپەرشتیارانی بەخێوکار، شانبەشانی بواری ڕاهێنانی بەردەوام
- پشتگیری 24 کاتژمێر، 7 ڕۆژ لە هەفتە و 365 ڕۆژ لە ساڵدا بەردەستە
- سەردانی ڕێکوپێک و بەردەوام لە کارمەندی کۆمەڵایەتی زۆر دڵسۆز و بەئەزموونی خۆتەوە
- پاسی خۆڕایی مەلەکردنی فیوشن و مێرلین بۆ سەرپەرشتیارانی بەخێوکار و خێزانەکانیان
- ئەندامێتی تۆڕی خێرخوازی سەربەخۆی بەخێوکردن
- دەستڕاگەیشتن بە دەروونناسێکی کلینیکی تایبەت بە دامەزراوەکە بۆ ڕێنمایی دەربارەی هەر پێداویستییەکی تایبەتمەند بۆ منالآنی چاودێریکراوی ئێمە
- دەستڕاگەیشتن بە وەرگێڕی زارەکی و خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی هاونسلۆ
- سەرپەرشتیارانی بەخێوکاری هاونسلۆ وەهایان لێ چاوەڕوان ناکرێت کە هیچ کاونسڵ تاکس بدەن بۆ هەموو ئەو ماوەیەی کە کەسێک لە ماڵەکەیاندا لەژێر سەرپەرشتیدایە.

## کێ دەتوانێت ببێت بە بەخێوکار؟

سەرپەرشتیارانی بەخێوکاری هاونسلۆ لە چەندین پاشخانی جۆراوجۆرەوە دێن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تۆ کات، شوێن و بەتەنگەوەبوونت هەبێت بۆ سەرپەرشتی و پشتگیریکردنی ئەو منالّەی کە بەخێوی دەکەیت.

**بۆئەوەی ببیت بە سەرپەرشتیاری بەخێوکاری هاونسلۆ، ئیمە دەخوازین کە هەموو داواخوازەکان:**

- تەمەنیان لە 21 ساڵ زیاتر بێت
- ژوورێکی نوستنی زیادەی هەبێت کە هەموو کاتێک چۆڵ بێت
- مافی مانەوەی هەتا هەتایی هەبێت لە بەریتانیا
- بتوانێت بە ئینگلیزی قسە بکات، بخوێنێتەوە و بنووسێت
- تەندروستی باش بێت
- سەرپەرشتیارەکان دەبێت ئارامی و تێگەیشتنیان هەبێت و ئامادە بن بە هەرەوەزی لەگەڵ کارمەندی کۆمەلایەتی منالّەکە کار بکەن بۆ فەراهەمکردنی کەشوهەوایەکی جێگیر و ئارام بۆ منالّەکە.

**سەرپەرشتیارانی بەخێوکاری هاونسلۆ دەکرێت:**

- لە هەر جۆرە پاشخانێکی نەژادی یان ئاینی بن
- زوگورد، ژنومێرد یاخود کەسێک بێت کە لەگەڵ هاوژینێک بژی
- هیترۆسێکشوەل، لیزبن یان گەی بێت
- لە ماڵێکدا بژی کە کرێ بێت، موڵکی خۆی بێت یان موڵکی کاونسڵ بێت
- تۆ دەتوانیت باوان یاخود کەسێک بیت کە ئەزموونی هەبێت لە سەرپەرشتیکردنی منالّدا.

بەخێوکردن بۆی هەیە ئەرکێکی قورس بێت. تۆ دەبێت تەندروستیت باش بێت و بتوانیت لەو کێشە و ئاستەنگیانە تێبگەیت کە ڕووبەڕووی منالّەکە و خێزانەکەی دەبنەوە و لەگەڵیان هاوسۆز بیت.

## گەشتی تۆ بۆ بوون بە سەرپەرشتیاری بەخێوکاری پەسەند کراو

بوون بە سەرپەرشتیاری بەخێوکار بڕیارێک نییە هەر وا بەئاسانی دەری بکەیت. تۆ ئەرکێکت لەسەر شانە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە تۆ کەسی گونجاو دەبیت بۆ منالّانی چاودێریکراو لەبەر ئەوە پرۆسەیەکی گشتگیر هەیە کە دەبێت پێیدا تێپەڕیت بەر لەوەی کە ببیت بە سەرپەرشتیارێکی بەخێوکاری پەسەند کراو.

بەشێوەیەکی مامناوەند ئەوە شەش مانگی پێدەچێت کە ببیت بە سەرپەرشتیاری بەخێوکاری پەسەند کراو بۆ هاونسلۆ.

# قۆناغی ئامادەکاری

**دەربڕینی ئارەزووی خۆت بۆ بەخێوکردن**
دەتوانیت ئارەزووی خۆت تۆمار بکەیت لەڕێگەی:

- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەدواداچوونی سەر ئینتەرنێت لەڕێگەی سەردانی www.hounslow.gov.uk/fostering
- تەلەفون بکە بۆ 0800 731 8558
- ئامادەبوون لە بۆنەیەکی زانیاری بەخێوکردندا.

لەم قۆناغەدا ئێمە بە ئیمەیڵ یان پۆستدا بەستەیەکی زانیاریت بۆ دەنێرین.

یەکسەر دوای ئەوەی کە ئەرەزووی تۆمان بۆ ئەو کارە بەدەست گەیشت، ئێمە:

- بە پرسیارنامەیەکی تەلەفونیدا دەڕۆین کە دەوروبەری 30 خولەک دەخایەنێت
- تۆ دەبێت ژوورێکی زیادەت هەبێت بۆئەوەی کە بگەیتە ئەم قۆناغە.

لەم قۆناغەدا ئێمە بڕیارێک دەدەین کە ئاخۆ تۆ سەرکەوتوو بوویت بۆئەوەی بچیتە قۆناغی دواتر.

**با یەکتر باشتر بناسین. لەڕێگەی سەردانێکی ماڵەوەوە**
ئەگەر سەرکەوتوو بیت، کارمەندێکی کۆمەڵایەتی دامەزراندن لە تیمی فۆستەرەوە پەیوەندیت پێوە دەکات بۆ سازدانی ڕێکەوت و کاتێک بۆ سەردانی تۆ لە ماڵەوە. لە میانەی سەردانەکەی ماڵەوەدا، ئێمە زانیاریت دەدەینێ دەربارەی:

- بەخێوکردن (فوستەرینگ) بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و ئێمە سەیری ئەو شوێنە دەکەین کە تۆ دەڵێیت بەردەستە.
- گونجاوی ماڵەکەت بۆ ئەو مەبەستە
- دڵنیابوونەوە لە ئارەزوو و پاڵنەری تۆ بەخێوکردنی منالّ (فۆستەر)
- جۆری ئەو منالاّنەی کە دەبێت لەلایەن خەڵکی ترەوە بەخێو بکرێن
- ئەو پشتگیرییەی کە تۆ بەدەستت دەگات وەک سەرپەرشتیاری بەخێوکار.

ئەگەر ئێمە هەردولامان بڕیار بدەین لەسەر پرۆسەکە بەردەوام بین، تۆ دەبێت داوانامەیەکی بەخێوکردن (فۆستەرینگ) پڕ بکەیتەوە لەگەڵ فۆڕمێکی ڕەزامەندی بۆ پشکنینی یاسایی کە دەبێت ئەنجام بدرێت.

# قۆناغی 1

قۆناغی 1 ئەو كاتە دەست پێ دەكات كە ئێمە فۆڕمی داوانامەی پڕكراوەی تۆمان بەدەست دەگات.
تۆ هەروەها دەبێت لە ڕاهێنانێكی ئامادەكاری 'كارامەيی بۆ بەخێوكار' ئامادە بيت كە لەلايەن تيمی فۆستەرينگەوە پێشكەش دەكرێت. ئەو كۆرسە يارمەتيت دەدات بۆ:

- تێگەيشتن لەو بەتەنگەوەبوونەی كە بۆ بەخێوكردنی منداڵی ديكە پێويستە
- وەرگرتنی زانياری دەربارەی پێداويستييەكانی مناڵانی چاودێريكراو
- پەرەپێدانی ئەو كارامەييەكانی كە تۆ بۆ بەخێوكردنی منداڵی ديكە پێويستيت پێيەتی.

تۆ بواری ئەوەت بۆ دەڕەخسێت كە كەسانی ديكەی وەک خۆت بناسيت كە خۆيان بۆ بەخێوكردنی منداڵی ديكە ئامادە دەكەن يان ئێستا ئەوان مناڵ يان كەسانی گەنج بەخێو دەكەن.

ژمارەيەک بابەتی سەرەكی لە ڕاهێنانەكەدا باس دەكرێن لەوانە:

- ڕۆڵی سەرپەرشتيارانی بەخێوكار
- برەوپێدانی ناسنامەی كولتووری و بوارەكانی ژيان
- سەختی و پاداشتەكانی بوون بە بەخێوكاری منداڵی ديكە
- گەشەی مناڵ
- سەرپەرشتی سەلامەت
- گواستنەوەی مناڵ بۆ شوێنی مانەوەی نوێ يان گێڕانەوەی بۆئەوەی لەگەڵ ئەو خێزانەی كە تێيدا لەدايک بووە يان خزم و كەسوكاری.

لەم قۆناغەدا ئەو پشكنينانەی خوارەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆت ئەنجام دەدرێن:

- پشكنينی پۆليس / دی بی ئێسی DBS چڕوپڕ
- پشكنينی پزيشكی
- پشكنينی كاركردن
- پشكنينی دارايی
- پشتگيری پيشەوەری و كەسی.

يەكسەر دوای ئەوەی كە پشكنين و زانيارييەكان بەدەست گەيشتن. تۆ لە ماوەی 10 ڕۆژی كاركردندا لە بڕياری چوونە پێشەوە بۆ قۆناغی 2 ئاگادار دەكرێيتەوە.

ئەگەر لە ماوەی قۆناغی 1 دا ئێمە بڕيارمان دا كە هەڵسەنگاندنەكەت بەرەوپێش بەرين، ئێمە نامەت بۆ دەنێرين بۆ ئاگادار كردنەوەت لە بڕيارەكەمان و هۆكارەكانی ئەوە.

## قۆناغی 2

لە قۆناغی 2 دا پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەست پێ دەكات. لە ماوەی هەڵسەنگاندنەكەدا، داواخواز؛

- كارمەندێكی كۆمەڵايەتی دامەزراندنی بۆ دەستنيشان دەكرێت كە 6-8 جار سەردانت دەكات بۆ پڕكردنەوەی فۆڕمێكی هەڵسەنگاندنی هەمەلايەنە.
- هەڵسەنگاندنێكی تەندروستی و سەلامەتی و ئامێرەكان ئەنجام دەدرێت
- بۆ ئەو خێزانانەی كە لە خانووبيەكی كرێی كەرتی تايبەتدا دەژين، دەبێت ڕەزامەندييەكی نوسراو لە خاوەنموڵكەكەوە وەربگيرێت
- بەخشينێكی كەوتنە كار بەردەستە بۆ داواخوازەكان بۆ كڕينی كەلوپەلی بنەڕەتی ناوماڵ / ئامێر بۆ هێنانەدی پێداويستييەكانی ئەو مناڵەی كە بەخێو دەكرێت
- داواخوازەكان هەندێک كاری نوسراويان دەدرێتێ بۆ پڕكردنەوەی لەنێوان سەردانەكاندا بۆئەوەی بخرێتە سەر هەڵسەنگاندنەكان.
- لە ماوەی هەڵسەنگاندنەكەدا فۆڕمێكی هەڵسەنگاندنی F كۆبەند دەكرێت.

## دانيشتن لەگەڵ ليژنەی بەخێوكردن و پەسەندكردن

لە نزيكەی كۆتايی گەشتەكەدا تۆ دەبێت لە ليژنەيەكی بەخێوكردندا ئامادە بيت. ئەوە لە گرووپێک كەسی پيشەوەر پێک هاتووە كە ئەزموونيان هەيە لە كاركردن لەگەڵ مناڵ، يان لەوانەيە ئەوان خۆيان خەڵكی تر بەخێوی كرد بن. ئێمە بانگهێشتت دەكەين بۆ ليژنەی بەخێوكردن و ئەوان ڕاسپاردەيەكی بەخێوكردن دەردەكەن لەسەر بنچينەی:

- ئەو زانياريانەی كە لە فۆڕمی هەڵسەنگاندنی F دا هاتووە
- دانيشتن لەگەڵ تۆ.

دوا بڕيار دەربارەی گونجاوی تۆ بۆ بوون بە بەخێوكار لەلايەن ناوەندی بڕياری دەزگا لە ئەنجومەنی شارەوانی هاونسلۆ دەدرێت.

## يەكسەر دوای ئەوەی كە بوويت بە سەرپەرشتياری بەخێوكار، ئێمە مناڵێكت بۆ دەدۆزينەوە كە بۆ تۆ گونجاو بێت

يەكسەر دوای ئەوەی كە پەسەند كرا، گەشتی بەخێوكاری تۆ دەست پێ دەكات. تۆ ڕاهێنان و پشتگيری بەردەوامت پێشكەش دەكرێت بۆئەوەی بتوانيت پەرە بە دەرەنجامی ئەرێی بدەيت بۆ ئەو مناڵانەی كە لەژێر سەرپەرشتی تۆدان، بۆئەوەی توانايان پێ ببەخشيت كە هەموو ئاواتەكانيان بهێننە دی.

**بەوەی كە بڕيار بدەيت ببيت بە سەرپەرشتياری بەخێوكار تۆ دەتوانيت گۆڕانكاری زۆر گەورە لە ژيانی مناڵێک - هەروەها ژيانی خۆتدا بەدی بهێنيت.**

پەیوەندی بە تیمی بەخێوکردنەوە بکە:

تەلەفونمان بۆ بکە بە ژمارە

0800 731 8558

ئیمەیڵێک بنێرە بۆ

**fostering@hounslow.gov.uk**

یاخود سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە:

**www.hounslow.gov.uk/fostering**